# ئەی هادی عەلی وەزیری داد بۆ د.کەمال چی ئەڵێ ؟!

شارۆ ئەحمەد – بەغداد

ئەندامی فیدراسیۆنی رۆژنامەنوسانی جیهانی

بەراستی جێگای شەرمەزارییە سیستمی دادوقەزاو چەمکی سزا بەو شێوەیە بکرێتە مەهزەلەو جێگای سوکایەتی و کەچی رای گشتیشی لە سەر دروست نەبێ، وەزارەتێکی وەکو داد بکەوێتە دەستی مامۆستایەکی کەم ئەزموون و چاوی تەنها لە ئیمتیازەکانەوە بێت، 30 ساڵ زیندانی بۆ ئەکادیمیستێکی وەکو دوکتۆر کەمالی سەید قادر تا دوا ئاست پڕپەتی لە جەهل و نەخوێندەواری و ناکرێت دیاردەیەکی وا ترسناك بۆ ساتێکیش بێدەنگ بین لە ئاستیدا، لەم رووداوەدا مێژوو هەرگیز کوێرو نابینا نییە و مامۆستا هادیش گەرچی نقەی لێوە نایەت بەڵام هەر تاوانبارەو چاوی مێژوو غافڵی ناکات،

دوکتۆر کەمالی سەید قادر نە شێخ زاناو نەشێخ جەعفەرو نە نزار خەزرەجی و نەهودا عەمماش و نە موشتەشارو جاشەکانی دوێنێ و نەبەرپرسە دزەکانی ئەمڕۆیە، ئەو تەنها تاوانی ئەوەیە کوڕە هەژاری نێو ئەو کولتورەیە کە سەدەیەکە ئەتەزێنرێ و سوکایەتی پێ ئەکرێت، تاوانێکی تری ئەوەیە کە قسەی بە نەگۆڕەکانی بنەماڵەو فیوداڵیزمی سەرۆك و کوڕە بەناو کاریزماکان کردووە، بەڵام ئەی ئایا ئێمە وەزیرێکمان نییە بەناوی هادی عەلی وەزیری دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەمە خۆی یەکەم شت سوکایەتی نییە بەو وەزیرە عالیەلمەقامە ! ! کە ئەوەی لێی نەزانێت پرسی دادگاو قەزاوەتە،کە خۆشبەختانە کابینەکەی کاك نێچیر کۆشکی دادیشی بۆ کردۆتەوەو عەنعەنەو تەنتەنە ئەنوێنێ و باس لە یاسا سەروەری ئەکات و ئەندامی میم سینی یەکگرتووی ئیسلامیشە کە یەك لە دروشمەکانیان دادپەروەری ساختەیە ! ! ئەوە بارزانیەکان وەکو دەسەڵاتی رەهاو بەپێی لۆژیکی دەسەڵاتی قەرەقوشی و بۆ تەمبێ کردنی نمونەکانی تری ئەنتی بنەماڵە ئەیانەوێت دوکتۆر کەمال بکەنە پەندو تۆڵەی خۆیان لێ بکەنەوەو چاوترسێنی نوسەرانی تریشی پێ بکەن،ئەگەرچی یاساو دادگاش ئەتك بکەن وەکو کردیان، بەهەر حاڵ بەڵام ئەی جەناب کاك هادی عەلی وەزیری داد، تۆیان چۆن کڕی و زمانیان بریت؟ بە 600 مەتر زەوی و پارەیەکی کاش؟ بە چەند سەیارەیەکی دوا مۆدێل؟ بە خانوو؟ یان بە زەبری هەرەشەو سەربرین و دروستکردنی تۆمەتی(......) ئەی تۆ بۆ نقە ناکەیت؟ خۆ تۆو حیزبەکەت دروشمی گەندەڵی و دادپەروەریتان بەرز کردبووەوە، چۆن وا بێدەنگ کرایت؟ تۆ سبەینێ بە کام ئیمانی خوایی و کام لۆژیکەوە باس لە چەمکی دادگاو وەزارەتە کارتۆنیەکەت ئەکەیت کە لە ژێر ریتم و فەرمانی کۆشکە کارتۆنیەکەی تۆدا دوکتۆرێك بە 30 ساڵ سزا زیندانی ئەکرێت؟ بەڵام کاك هادی دیارە جەنابت ناتەوێت مەستی و عەیش و نۆش و ژیانی ئارامشت لێ تێك بچێت، من ئەپرسم کاتێ ویژدانی ساردت قەڵەمێکی یەخسیری وەکو کەمال سەید قادر ئەبینێ لەناو بۆگەنی ئاسایشی هەولێر هەڵوێستت چییە بۆ مێژوو بۆ قیامەت؟؟ بۆ لەو قاڵبە نایەیتە دەرێ و یاسا وەکو خۆی جێبەجێ بکەیت؟ ئەگەر دەسەڵاتت نییەو کارتۆنیت بۆ ئیستیقالە ناکەیت و لەو کۆشکە زەلیلە بێیتە دەرەوە؟ کەس دەستی گرتوویت؟ بەڵام دیارە زەردەخەنەیەکی برازاکەی کاك مەسعود بارزانی بە سەدان هەڵوێستی لەو جۆرە ناگۆڕیتەوە، بەڵام ئەوە بزانە تۆ وەزیرێکی وێرانیت لەناو کابینەیەکی حکومی وێراندا، تۆ یەکگرتوویەکی پارتیت و هەڵەبجەییەکی بارزانیت، ئەگینا رۆژی شەهیدکردنی مامۆستا موشیرو هاوەڵانی لە

2005/12/6 له دهۆك له لایەن یاساوڵەكانی پارتییەوە بەپەلەخۆت نەئەگەیاندە لای سەرۆك بارزانی و بەدەمیەوە پیێ نەئەکەنیت و به سەرۆکت نەئەووت وازی لیێ بهێنە بۆ خۆم! لەکاتێکدا دەبوو ئەوان بهاتنایە بۆ لای تۆ وەکو قوربانی نەك ئەم چوونە فزولیەی تۆ، بەڵام تۆئەگەر جەهلی حیزبی نەبێت چۆن ئەبیتە وەزیری دادی میللەتێکی ستەمدیدەو خوێن لێچۆراو، تۆ ئەبێت دادگایی بکرێیت، ئەمڕۆش نەبێت سبەینێ خوای گەورە هەر بە سزات ئەگەیەنێ، چونکە ئافاتێکی گەورەیە بازرگانیکردن بە ئاین و عەقیدەو دەنگی خەڵکی رەش و روتەوە، دوکتۆر کەمالی سەید قادر دواجار یان ئەبێتە رەمزی یاخیبوون و جەسارەت و قەڵەمی بوێر یان دەبێتە دروستکەری مێژوویەکی تازە، ئێوەو ئەوانیش بۆ سەرەنوێڵکی مێژوو..